# ئۆفرۆڵ جلێکی شایستە لە جوانی و پڕ لە کەسایەتی

کاتێك دەچینە بۆنە و یادێکی شەوانە، یان ئاهەنگ و زەماوەندێك، تەنانەت بۆ سەردانی کردنی هاوڕێ و دەستەخوشکەکانت لە ڕۆژی دەرچوون و یادی لە دایك بوون، بێگومان دەبێ جلێکت لەبەر بێت لە نێو هەمووان‌دا وەك شاژن و شازادە دەربکەوی، خۆ ناکرێ هەموو جارێکیش جلی کوردی بپۆشی، چونکە هەندێ شوێن و کات هەن، ئەو جلەش گونجاو نابێ. هەر بۆیە ڕاوێژکاری ئەڵمانی (تیتسیانا ئاسمان) دەڵێ: جلی ئۆفرۆڵ، شیاوترین جلە بۆ بۆنە و یادەکان، ئۆفرۆڵ بریتییە لە کراس، یان عەزیەی درێژ و کورت، هەندێ جاریش عەزییە و پانتۆڵ یان لەگەڵ تەنوورەدا مۆدێکی شیاون، بە تایبەت ئەگەر جلەکە هاوڕەنگ و هاو شێوە و هەمان نەخش بێت، بەرچاو تر و سەرنجڕاکێش تر دەبێ. ئەو ڕاوێژکارە زیاتر دەڵێ: بۆ ئەوانەی تەمەنیان نێوان (١٥ تا ٢٥) ساڵانە، دەتوانن کراس و عەزییەی کورت و تا سەر چۆك لەبەر بکەن، ئەگەر حەزیشیان نەکرد جەستەیان دەربکەوێ، دەتوانن لەگەڵ پانتۆڵێك یان تەنوورەیەك لەبەری بکەن، هەروەها بۆ ئەوانەی تەمەنیان زیاترە، دەتوانن کراس و عەزیەی هاوشێوە وهاوڕەنگ و نەخش لەبەر بکەن، تا لە نێو هەموو کەسانی دەوروبەر گەشاوە و درەوشاوە بن.



## ڕێنمایی قژ شووشتن لـــ

زۆربەی کچان وئافرەتان نیگەران لە هەندێ ئەو حاڵەتانەی بەسەر قژیاند دادێ، تەنانەت زۆربەشیان دوو دڵن و دەترسن لە هەفتەیەکدا قژیان زۆر بشۆن نەوەك ببێتە هۆی هەڵوەرینی قژیان، هەندێکی دیکەش پێیانوایە دەبێ قژ هەفتەی چەند جارێکی دیاری کراو بشۆردرێت، هەر بۆیە پسپۆران بۆ ڕەواندنەوەی ئەو دوو دڵی و نیگەرانییەی خانمان باس لە شێواز و چەند جار شووشتنی قژیان کردووە لە هەفتەیەکدا و لێرەوە ئاشنای بە: گەر ماوەیەکی زۆر قژت نەشۆیت، ئەو کاتە هەست دەکەی قژت گنجی دەبێ و یەکتر بەرنادات، ئەمەش بەهۆی کۆبوونەوەی بڕێکی زۆری چەوری و پیسی لەسەر مووەکانی سەر، ئەوانەی قژیان خاوە، درەنگتر تووشی ئەو پیس بوونە دەبنەوە و بە پێچەوانەی ئەوانەی قژیان پڕە،



# کاتژمێـرە  نایابەکان دەست و مەچەکت ڕازاوەتر دەکەن

کاتژمێر، جگە لەوەی بەسوودە بۆ ڕێکخستنی کارەکانت بە پێی کات، هەروەها بۆ زانینی کاتیش گرنگە لە دەستت بێت، ئێستا زۆربەی کچان و خانمان دەڵێن: دەتوانین لە مۆبایلەوە بزانین کات چەندە، بەڵام بەپێی بۆچوونی پسپۆڕێکی مارکەی شانێڵ ئەم بیرۆکەیە هەڵەیە، چونکە ڕەفتارت جوان نابێت تەنیا بۆ زانینی کات ئەوەندە سەیری مۆبایلەکەت بکەیت، هەروەها دەڵێ: ئەو کەرەستەیە یەکێکە لە ئێکسسوارە جوانەکان و نزیك لە دڵی ئافرەت، چەندە بەسوود بێت، ئەوەندەش جوانە لە دەست تا دەستەکانیش هاوشێوەی جوانی ڕووخسارت بێبەش نەبن لە جوانی و سەرنجڕاکێشی، هەوڵبدە ئەو جۆرە کاتژمێرانەی خوارەوە لە دەستت بکەیت:

- کاتژمێری پرایڤ - Mademoiselle Privé، لە مارکەی شانێلە و بە چەندین نەخشی سرووشتی و وێنەی باڵندە و گیانداری خۆماڵی ڕازاوەیە، بۆ کاتی ئاهەنگ و بۆنە لە دەست دەکرێت.
- کاتژمێری کلاسیك گراند - La Grande Classic، لە مارکەی لونجییە و بە ڕەنگی کراوە بۆیە کراوە، نەخشەکاری لە نێو شاشەی کاتژمێرەکەدایە، بۆ کاتی دەوام و زانکۆ لە دەست دەکرێت.
- کاتژمێری دیۆر - DIOR VIII، لە گوزارشت لە هەست و ناخی کچان و ئافرەتان دەکات، لە ڕەنگی پەمەیی و زێڕی دروست کراوە، بۆ کاتی ژوان و دانیشتن و داوەت لەدەست دەکرێت.
- کاتژمێری پێرلیسی شاهانە - Perles Impériales، لە مارکەی بریگویتە و لە شێوەی تاجی شا دروست کراوە، بۆ چوونە گەشت و سەردان لە دەست دەکرێت.
- کاتژمێری لاڤسیا - PICCOLA LVCEA، لە مارکەی بۆلگەرییە، لە ڕەنگی زەردی زێڕی و ڕەنگاوڕەنگیشی هەیە، بۆ شوێنی فەرمی و دەوام و سەردانی تایبەت لە دەست دەکرێت.



## ـــــــه هەفتەیەكدا

چەندین توێژینەوە دەریانخستووە کە نابێ هەفتانە لە دوو جار زیاتر قژت بشۆیت، کەچی وادیارە ئافرەتان بڕوایان بەوە نییە و لە ڕاپرسییەکدا دەرکەوتووە کە ئافرەتان هەفتانە نزیکەی (٥) جار قژیان دەشۆن، بۆ ئەوانەی قژیان خاوە و نەرمە، پێویستە (٢) ڕۆژ یان (٣) ڕۆژ جارێك قژیان بشۆن. بۆ ئەوانەش قژیان چەورە و وشکە، واچاکە (٢) یان(٣) جار هەفتانە قژیان بشۆن. بۆ ئەوانەی قژیان پڕ و بۆڕە، پێویستە هەفتەی جارێك یان دوو جار بیشۆن.



# دایکێک وپێنج منداڵەکەی سەرسامت دەکەن

ماوەیەك بەر لە ئێستا، هەواڵی ئەو ئافرەتە ئوسترالیەمان بڵاو کردەوە، کە خاوەنی گەورەترین زگی دووگیان بوو، سەرەتا پێشبینی زیاتر لە (٦) منداڵیان دەکرد، دوای پشکنینی ورد بۆیان دەرکەوت کە (٥) منداڵی لە زگە، ئەو ئافرەتە ناوی (کیم تۆتشی)یەو ئەندازیاری بیناسازییە، دوای ئەوەی ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێت و لە دوای چاوەڕانی (٥) گیانییەکەی، دەبێتە دایکی (٤) کچ و کوڕێك. کچەکانی ناویان (ئاڵی، پینیلۆپ، تیڤانی و بیاترس، کوڕەکەشی ناو ناوە کیت)، وەك خۆی دەڵێ: سەرەتا بیرم لەو هەستەی ئێستام دەکردەوە ئاخۆ ئەگەر زیاتر لە منداڵێك یان جمکێکم هەبێ، چۆن دەتوانم بەخێویان بکەم و چۆن کۆنترۆڵیان بکەم، بەڵام ئێستا کارەکە ئەوەندە قورس نییە و ڕۆژانەی ژیانم بە منداڵەکانەوە سەرقاڵم، تەنانەت نازانم لە دەرەوەی ماڵەکەم چ باسە ! هەر بۆیە وێنەگرێکی بەریتانی بە ناوی (لایل لایدن) و چەندین وێنەی ناوازەی ئەو دایکە و پێنج کۆرپەکەی بە چەندین شێوازی هونەری و جوان گرتووە، وێنەکانیش خەڵکی سەرمەست و سەرسام دەکەن.

# ئۆتۆمـــبێلە زێڕینەكـــان



لـە كاتێكـدا زۆربـەی وڵاتانـی جیهـان بەهـۆی تێكچوونی ڕەوشـی ئابـووری و كێشـەی دارایـی بـە دەسـت نەبوونـی و هـەژاری دەناڵێنـن، كەچـی ماوەیەكـە لـە زۆربـەی وڵاتانـی ئەورووپـا دیاردەیەكـی خـۆ دەرخسـتن و هەڵدانـەوە پەیـدا بووە، ئەویش بە نمایش كردنی ئۆتۆمبێلی ڕووپۆشكراو لە ئاوی زێڕ و تەنانەت، بەشـێكی زۆری پارچەكانی دەرەوە و ناوەوەی ئەو ئۆتۆمبێلانـە لە زێڕ دروسـت كراون، ئـەو دیاردەیە بە زەقی لە وڵاتی بەریتانیا و هۆڵەندا و فەڕەنسا دەبینرێت، لە دواترین و سەیرترین ئەو حاڵەتەی كە لە شاری لەندەنی بەریتانیا بینرا، ئەویش لەلایەن ملیاردێرێكی كەنـداوی عـەرەبـی، كۆمـەڵێـك ئۆتۆمبێلـی جۆراوجـۆری بـە فڕۆكە هێنایە ئەو شـوێنەی بۆ ماوەیەك گەشـتی بۆ كردبوو، یەكێـك لـە پسـپۆڕانی نرخـی ئۆتۆمبێلەكانـی ئـەو كاروانەی ئـەو كەسـەی خەملانـدووە، كە بەهـای (٢١٥) ملیـۆن دۆلار بووە، نرخی هەر یەكە لە كاروانی ئۆتۆمبێلە زێڕەكانی بریتین بوون لە: ئوتۆمبێلێكی مەرسـیدیس (g٦٣) بە (٣٧٠) هەزار جونیـەی ئوسـترلینی و ئۆتۆمبێلێكـی جـۆری (بینتلـی) كـە نرخـی دەوروبـەری (٢٢٠) هـەزار جونیـەی ئوسـتڕلینی و (ڕۆلـس ڕایس)ێكیـش بـە نرخـی (٣٥٠) هـەزار جونیـەی ئوستڕلینی، هەروەها (لامبورگینی)یەكیش بە نرخی (٣٥٠) هەزار جونیەی ئوستڕلینی.



# كراسی بووک لە كاغەز و كلینیكس

خانمان، كاتێك بە نیازی هاوسەگیری و زەماوەندن، دەچن باشترین و جوانترین و گرانترین كراسـی بووك هەڵدەبژێرن، تا لە ڕۆژی ئاهەنگیان وەك شـازادەیەك بێنە بەرچاو، زۆربەی ئەو كراسـانە لە قوماشـی بە نرخ و باش دروسـت كراون، بەڵام وادیارە هەر یەكە لە بەرگدروویەكی ئەمریكی و (٣) كەسـی دیكەی خاوەن كارگەی دروست كردنی كلینیكس و كاغـەز، بیرۆكەیەكی دیكەیان بـۆ كراسـی بـووك هەیـە، تەنانـەت ڕێچكەیەكی دیكەیان گرتـووە و تا لە كراسی بووك لە سادەترین كەرەستە دروست بكەن، بەرگدرووە ئەمریكییەكە نـاوی (دۆنـا پوپـەر ڤنكلەیـر)ە، چەندیـن نموونـەی كراسـی بووكـی لـە كاغـەز و كلینیكـس دروسـت كـردووە، جلەكانیـش ئەوەندە بە جوانی چێ كراون، وا هەسـت ناكەی لە كاغەز بن، لەلایەكی دیكەشەوە هەر یەكە لە (كیمبرڵی كلارك و ئین زێت فاشیۆن و نیو زیلاند فاشیۆن)، جوانترین كراسی بووكیان لە كلینیكس دروسـت كردووە، نرخی ئەو جۆرە كراسـە دەگاتە (١٠٧٠) دۆلار، ئەوەی سـەیرە داواكاری لەسـەرە و كچان بۆ خۆشـی و وێنەی یادگاری ئەو جۆرە كراسە دەكڕن و لەبەری دەكەن بۆ وێنەگرتن.




## پەند و وتە

- ستیڤ جۆبس، ئەو پیاوە داهێنەر و دەوڵەمەندەی جیهان دەربارەی ژیان دەڵێ:


لەلام گرنگ نییە هەموو سەروەت و سامانی جیهانم هەبێ، لەلام گرنگ نییە خاوەن موڵك و ماڵی زۆر بم، بەڵام ئەوە گرنگە شەوانە بەر لەوەی بخەوم، بیر لەو ڕۆژە بکەمەوە کە کارێکی نایابم ئەنجام داوە و بیریش لە بەیانی بکەمەوە کارێکی باشتر و نایابتر جێبەجێ بکەم.

## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا ئاماژە بە کەسانی شکۆمەند و کەسی هەژار دەکرێت، ئەوانەی لە خۆشگوزەرانی دەژین لە نێو گۆمێك ئاون و مەلە دەکەن و خۆیان دەشۆن، کەچی هەژارەکانیش تینۆی دڵۆپێك ئاوی ئەو حەوزەی شکۆمەندەکانن.



## برژانگ و ماکیاژی پەلکەزێڕینە



ئەگەرچی ڕۆژانە چەندین ڕەنگ و شێوازی هەمەچەشنی بۆیە و ڕەنگ و ماکیاژ بەسەر چاو و ڕووخساری خانمان دەبینین، ئەگەرچی هەندێ جار ماکیاژی سەیر و زەق و تۆخ دەبینین، ئەمجارەیان مۆدێکی دیکەی ماکیاژی دەم و چاو دەرکەوتووە، بە تایبەت ڕەنگی (برژانگ)ی چاو، ئەمجارەیان پسپۆڕانی جوانکاری سوودیان لە ڕەنگەکانی (پەلکەزێڕینە) وەرگرتووە، تا لەسەر برژانگ و برۆی ئافرەتاندا هەبێ، بیرۆکەی ئەو کارە لەلایەن پسپۆڕی جوانکاری (لاورین ئینگرام) دەرکەوتووە، چەندین نموونەی ماکیاژی پەلکەزێڕینەی لەسەر برژانگ و ماکیاژی ئافرەتان دەرخستووە، تەنانەت بۆتە مۆدێکی باویش لە نێو خانماندا تا ئەو ماکیاژە جوان و سەرنجڕاکێشە لە ڕووخساریان هەبێت.





## خۆشەویستی

خۆشەویستی وەك هەستێکی نێو ناخ و ڕۆح، ملیۆنەها ساڵە هەیە و دەشمێنێت و نامرێ، هەندێ جار بەهۆی لە دەستدانی کەسێك یان شتێك، ڕەنگە خەمێکی قوڵی بۆ بخۆین، بەڵام یادەوەری و خۆشەویستییەکەی لە دڵدا هەر دەمێنێت، ئەوەیە چیرۆکی ژیانی ئەو پیاو و کچە بچووکە (٣) ساڵانەی لە وڵاتی (بەرازیل)، پیاوەکە ناوی (ڕافاییل دیل کۆل)ی تەمەن (٣٥) ساڵە و لەگەڵ کچە تاقانەکەی کە ناوی (ڕایسا)یە، دوای ئەوەی لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا خێزانی ئەو پیاوە و دایکی ئەو کچە ناوی (تاتیان



## بۆ زانیاریت

**چیرۆکی دۆلار:**

دۆلار ئەمڕۆ لە هەموو جیهاندا کاری پێدەکرێت و وایکردووە پێگەیەکی ئابووری بەرزی لە نێو هەموو دراوی جیهان هەبێ، با بزانین مێژووی دەرکەوتنی دۆلار بۆ کەی دەگەڕێتەوە، پاش دامەزراندنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دامەزرێنەرانی وڵاتەکە هەستان بە پشت بەستن و لێدانی دراوێکی نوێی گشتگیر ناویان نا «دۆلار»، ئەمەش لە نێوان ساڵانی ١٧٩٤ - ١٧٩٥ دا بوو، تا سەرەتاکانی سەدەی (١٩) ئەمریکا سەرکەوتوو بوو لە لێدان و چاپکردنی چەند جۆرێکی دراوی دۆلاری کاغەز کە لە حەوت



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بیر لە ڕابردوو مەکەوە و تیشك بخە سەر داهاتووت، ئەوانەی ماوەیەك ئازاریان داوی، دواتر پەشیمان دەبنەوە، تۆش لە دڵتی هەڵمەگرە و لێیان خۆش بە، بەڵام وەك وانەیەك لە داهاتوودا بەکاریان بهێنە. ڕێگەی داهاتووت بەرەو باشی دەچێت و ئەوەندە خەم لە ڕابردووت مەخۆ.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

بڕوات بە خۆت هەبێ و هەمیشە سەرزنشتی خۆت مەکە. کارێکت کرد لێی پەشیمان مەبەوە، چونکە ئەوە بووە ڕابردوو، ڕەفتارێکی شیاوت بەو کەسە نیشان دا کە ماوەیەکە بێزارت دەکات. خەمت نەبت خۆی پەشیمان دەبێتەوە. هەوڵبدە هەمیشە لە کارەکانت کارامە و لێهاتوو بیت.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

وریای دەوروبەرت بە، چونکە کەسێك دەیەوێ ئازاری دەروونت بدات. مەهێڵە کەسانی نزیکت بە نهێنییەکانت بزانن، چونکە لە داهاتوودا لە دژی خۆت و لە بەرامبەرت بەکاری دەهێننەوە. هەوڵبدە بڕوات بە خۆت بێت. کەسێکی ژیر و دانای، بەڵام دژایەتیت دەکەن.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بە دوای چەند بیرۆکەیەك کەوتووی کە ڕەنگە لە داهاتوودا زیانی بۆت هەبێت، جەخت لە سەر ژیانی تایبەتی خۆت بکە و هەمیشە لە دوای ئەو هەنگاوانەوە بە کە ئەنجامەکانیان ڕوونە. لەگەڵ کەسێك ماوەیەکە ناکۆکیتان هەیە و ئەو دەیەوێ بۆت بسەلمێنێت کە تۆ هەڵەی، تۆش ڕێگەی مەدە چونکە خۆت لەسەر حەقی.




### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بڕیاری بە پەلە هیچ ئەنجامێکی نابێت و هەوڵبدە پێشبینی ئەنجامی داهاتووی هەنگاوەکانت بکەیت، تا لە دواتر نەبێتە حاڵەتێکی لەناکاو بۆت. بیرکردنەوەت لە کێشەکان شتێکی باشە، بەڵام لە جێبەجێکردنیدا کێشەت هەیە. هەوڵبدە ئارام بیت و کەسایەتیت مەشێوێنە.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەر ئەو ماوەیە نییە کێشە و گرفتت هەن، بەڵام سەرقاڵیت پێوە دیارە و بیرکردنەوەت شێواندووە. کۆنترۆڵی خۆت بکە و ژیانت بە سرووشتی وەربگرە، کەسێکی زیرەکی و بە هەنگاوی جددی دەچیتە پێشەوە، بەڵام کەسانی دەوروبەرت کێشەت بۆت دروست دەکەن و لێت دەشێوێنن.






## ـــــی نامرێ!

ڤالکوێز)ە دەمرێت، هەر بۆیە باوکی کچەکە وەك یادگاری جاران و وێنەکانی خۆی و هاوسەرەکەی، هەمان ئەو شێواز و جوولەی خۆی و هاوسەرەکەی لە وێنەدا لەگەڵ کچەکەی دووبارەی کردۆتەوە، جگە لەوەی کە جوولە و وەستانیان هاوشێوەی وێنەکانی پێشووە، هەروەها جلی کچەکەشی لەسەر هەمان جلی ناو وێنەی پێشووی هاوسەرەکەی ئامادەکردووە، جگە لەو حالەتە، هەمان حالەتێکی دیکەش لە وڵاتی ئوسترالیا لاسایی کراوەتەوە کە ئەوانیش (بێن)ی باوك و (ئۆلیڤیا)ی کچەکەیەتی.



ئاست پێکهاتبوو،
د یا ر تر ینیشیا ن
لە نێویاندا ئەمانە بوون:
کاغەزی یەك دۆلاری ١$ : وێنەی جۆرج واشنتۆنی لەسەرە، یەکەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەو وڵاتە، کاغەزی سەد دۆلاری ١٠٠$ : وێنەی بینجامین فرانکلینی لەسەرە کە ئەویش یەکێکە لە کەسە گرنگەکانی و دامەزرێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.



## یاری وێنە

- لەم وێنەیەدا، گیاندارێکی بچووك هەیە، هەوڵبدە بە وردی بیدۆزیتەوە و ڕەنگە ماندووشت بکات!

## تابلۆ



**- ئەسپەکەی ویسل جاکێت**

ئەگەرچی زۆربەی شارەزایانی بواری وێنەکێشان و تابلۆ دەڵێن، ئەو تابلۆیە پێناچێت تەواو کرابێت و بەڵکو کاری زیاتری ماوە، بەڵام هەندێکی دیکەش دەڵێن، تابلۆکە لەلایەن وێنەکێشی بەریتانی (جۆرج ستیبس) بە ئەنقەست وا لێکراوە، جۆرج ستیبس لە ساڵی (١٧٢٤) لە شاری لیڤەرپوولی بەریتانیا لە دایك بووە، ئەو وێنەیەی لە ساڵی (١٧٦٢) کێشاوە بە تابلۆی زەیتی و لەسەر کانڤاس چێکراوە، بە درێژی (٢٩٢) سەنتیمەر و پانی (٢٤٦) سەنتیمەترە، لە ساڵی (١٨٠٦) کۆچی دوایی کردووە.

## یاری پیت

هەوڵبدە پیتەکان ڕیز بکەیت، تا ناوێکت بۆ دەردەچێت:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڤ | ۆ | س | ا | س |

ئاسانکاری:
سەیرانگەیەکی کوردستانە !



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ڕێز لە قسە و بۆچوونی ئەوانە بگرە کە بەرژەوەندی تۆیان دەوێت، ئەوانەش کە دژایەتیت دەکەن، فەرامۆشیان بکە، چونکە زیانت پێدەگەینن. ئەو کاتە ڕووبەڕوویان ببەوە، کە توانای خۆسەلماندنت هەبێت. بڕوات بە هەنگاوەکانت هەبێ وئەنجامێکی باش لە کارەکانت دەبینیت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئاگاداری ڕەفتارەکانت بە و هەوڵبدە کەسانی نزیکت لە خۆت زویر نەکەیت. لەگەڵ هەوڵەکانت هەنگاو دروست بنێ و ئارام بگرە، هەموو ئەنجامەکان لە یەك کاتدا بۆت نابن. کەسێك چاودێریت دەکات. لەو ماوەیەش تووشی گرفتێك بوویتەوە، هەوڵبدە لە ڕەفتارت کارامەتر بیت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەگەر کەسێك هەنگاوێك بۆت هاتەپێش، تۆش زیاتر لێی نزیك بەرەوە، نەوەك هەوڵبدەی لە خۆتی دوور بکەیتەوە. کەسایەتیت جێگیرە و کاری جددی بکە تا بە ئەنجام دەگەیت. شێوازی بیرکردنەوەت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت جیاوازە و پێشبینی چەند گرفتێك لە داهاتوودا بکە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

گەشبینیت پێوە دیارە، ئەگەرچی جارجارە کێشەت بۆ دروست دەبێت، بەڵام نابێت بێ هیوا بیت و داهاتووت لە دەست بدەیت. ئێستا کاتێکی گونجاوە تا هەنگاوەکانت جێبەجێ بکەیت و لێرەوە دەستی پێبکە، بڕوات بە خۆت و کەسانی نزیکت هەبێت و دڵنیابە بەرەو کاتێکی باشتر ڕێگە دەگریت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

هەستت و دەروونت ماندووە و ئەوەش بەهۆی ئەوگرفتانەیە کە ماوەیەکە بێزارت دەکەن. بیرکردنەوە لەگەڵ هەنگاوەکانت گونجاو نین، بەڵام خەونەکانت لە ماوەیەکی نزیکدا دێنەدی. دەبێ لەگەڵ دەوروبەرت بە پاکی و دروستی ڕەفتار بکەیت و زیاتر متمانەت بە خۆت هەبێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ماوەیەك دوای ئامانجەکانت کەوتی، بەڵام کەسانێك دژایەتی تۆیان کرد، پێویستە بەهێزتر کاردانەوەت هەبێت، بڕیارێکی ژیرانەت بۆ ژیانی داهاتووت داوە، بیرۆکەی شیاویشت بۆ داهاتووت هەیە، بەڵام زۆرجار بەو ئەنجامانە ناگەیت، بەوەش بێزار مەبە و هەوڵی زیاتر بدە.